کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:18بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مێژووی دڕندایەتی هزری توندرەوەی (دوعا) ی جوانەمەرگ کرد ... سۆنیا سدیق

رووداوی کوشتنی دوعا زەنگی دڕندایەتی کۆمەڵگا ئاینی ومەزهەبێکانمان نێشان دەدات، راستە مردن راستییەکی سروشتییە بەڵام کوشتن راستییەکی دەسکردی مرۆڤایەتییە.

کۆتاییەکانی هزری توندرەوی و توندوتیژی لە هەموو جیهان یەکە، کوشتنی کچێکی تەمەن 17 ساڵ بە درندەترین شێوە وبەدەستی دەیان وسەدان نێری بەناو پیاو، تەنانەت لەبەر ئەوەی کچەکە یەزیدییە و حەزی لە کۆرێکی موسڵمان کردووە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وئاینی ترسناکە و هەڕەشە لە ئاساییش وئەمنیەتی کوردستان دەکات. چونکە یەزیدێکان زۆربەی هەرە زۆری خۆیان بەکورد دەزانن بەڵام ئاینێکی جیاوازیان هەیە، ئینجا کار بگاتە ئەوەی هەر کچێکی یزیدی حەز لە کۆرێکی بوسڵمان یاخود غەیرە بوسڵمان بکات، لە ئەنجامدا هۆزەکانیان کۆبنە وبە نەریتی چاخەکانی ناوەراست، بەکۆمەڵ هێرش بەرن سەر تاکە یەك مرۆڤی بێ دەسەلات وەك ئەوەی لەگەڵ ئەو کچە پاکە منداڵە کرا وئەشکەنجە و رەجمی بکەن و بەزیندووی زیندە بەچاڵی بکەن. ئەمە نەك نێشانەی دواکەوتوویە بەڵکو نیشان ئەو پەری درندایەتی وبێ ئەخلاقییە، گەر ئەو ئافرەتە پاکە لەسەر بنەماکانی ئاینی یەزیدییێکان گوژرا بێت، ئەو کوشتنە خۆی لە خۆیدا ئەوپەری بێ بنەمایی ئاینی وئەخلاقییە. گەر (دوعا) ی جوانە مەرگ هەڵەیەکی کردبێت ئەمە مانای ئەوەی نیا، چەند نەخۆشێکی سایکۆباسی دڕندە حەقیان پێ بدریت بەو شێوە نا مرۆڤانەیە جەستەی مرۆڤێکی بێ کوناە وبێ دەسەڵات تا مەرگ ئەشکەنجە بدەن.

دەبێ رۆژانە چەند (دوعا) ی دیکە بە نهێنی ئەوەها زیندە بەچاڵ بکرێن! گەر ئاین مانای کوشتن وئەشکەنجە بێت ئیدی مرۆڤ ئاینی بۆچییە؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.